# ئاستەنگیەکانی
# پێشکەوتنی ئافرەتی(ژنان و کچان) ڕەوندی کورد



ڕاپۆرت و ڕاپرسی دەربارەی باوکسالاری، دابونەریت و ئاین وەک دژوارترین بەربەست بەرامبەر پێشکەوتنی ئافرەتی ڕەوندی کورد لە ئەورووپای ڕۆژئاوا

نووسەر: ئاسۆ بیارەیی
سۆسیال سایکۆژ

١٥-١٠-٢٠١٠ سوێد

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە تەنها هی خودی نووسەرە

**سوپاسێکی گەرم بۆ هەموو بەشدارەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە کە بەو پەڕی خۆلێبوردنەوە وەلامی پرسیارەکانیان بۆ ناردمەوە..**

**ئاسۆ بیارەیی**
**١٥-١٠-٢٠١٠ سوێد**

# سەرەتا

مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە زانستیە ئەوەبوو کە کاریگەری نێرینەی کورد لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری ئافرەتانی کورد لە ژیانی ڕەونددا، بخاتە بەر لێکۆڵینەوە و کۆمەڵێک تێروانین و وەڵام لە ڕێگەی دارشتنی پرسیارگەلێک بەدەست بهێنێت. ئەو ئاستەنگانەچین کە پیاوی کورد وەک ئامێر و دەسکێک بە کاریان دەهێنێت بۆ پاشخستنی ئافرەتی کورد؟ پرسیاری ئەم ڕاپۆرتە دەربارەی هەڵسوکەوتی نێرینەی کوردە دەرهەق بە ئافرەتان، کاریگەری لە سەر ئاستی تێکەڵبوونی خێزانەکان لە گەڵ ئەو کۆمەڵگە ئەوروپیانەدا، گۆڕانی هەمەلایەنە و کاریگەری پیاو لەسەر ئاستی سەربەخۆیی بیرکردنەوەی ئافرەتان. میتودی ئەم ڕاپۆرتە شیوازی شیکردنەوەی ئەو وەڵامانەیە کە لەڕێگەی کەسی یەکەم و دووەم پێم گەیشتوون. پرسیارەکان بۆ ١٥٠ کەس(مێینە) لە تەمەنەکانی پانزە تاکو شەست وپێنج نێردراون. کلیلکردنی ناوی کەسەکان بەپێی یاساکانی توێژینەوەی زانستی زانکۆکان پارێزراوە تاکو سەروەری وەڵامدەرەوەکان پێشێل نەکرێت. ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک ئەنجامی دەستەبەر کردوە، لەوانە کاریگەری باوکساری و دابو نەریت و ئاین لە سەر ئافرەتی ڕەوندی کورد، خەمی بایۆلۆژی نێرینەی کورد لە توانەوەی مێینەی کوردی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا و لەدەستدانی کەسێتی خۆی و ژێنەکانی. ئایا بیرکردنەوەی کوردی باشوور لە کوردی ڕەوند، بە تایبەتی نێرینەی کورد پێشکەوتووترە، یەکێکە لە ئەنجامگیریەکانی ترێ ئەم ڕاپۆرتە پەککەوتنی کچان و ژنان کوردی ڕەوند لە نێو دوو فەرهەنگدا و لە دەستدانی ئارامی کەسێتی و کۆمەڵایەتییە، کە بۆ مرۆڤ پێویستە، بە هۆی ناکۆکی نێوان ئەو دوو فەرهەنگەوە. لە کۆتایشدا پاشکەوتنی ئافرەتانی ڕەوندی کورد بەهۆی کاریگەری نەرێنی نێرینەی کوردەوە لە کۆمەڵێک ڕو و لایەنەوە خراوەتە ڕو.

## باکگراوند یا  پێشینەی پرس
دیاردەی ئاستەنگ  دروستکردن بۆ ئافرەتانی ڕەوندی کورد لە ئەوروپا لەلایەن پیاوانەوە لە رێگەی دابونەریت، ئاین و پیاوسالاری  یەکێکە لەو دیاردە زەقانەی کە وای کردووە کە ئافرەتی ڕەوندی کورد لە چاو ژنان و کچانی  ڕەوندی نەتەوە و گروپەکانی تر دوا بکەوێت و لە هەندێ وڵات بۆ نموونە ئەڵمانیا و نمسا و ئەمریکا تەواو لە پێشکەوتنی دەروە بێ بەش بێت. پیاوان و داب و نەریت و ئاین بەیەکێک لە سەرچاوەکان دەزانرێت. لە هەندێ ووڵات وەک سوێد ئاستەکە گەێشتوەتە ئەو ڕادەیە کە دامەرزاوەی تایبەت بۆ بەرگری لە ئافرەتان، بە تایبەتی ئافرەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا دابمەزرێت و چاودێری ڕاستەوخۆی ئەو ئافرەتانە بکرێت کە دوچاری کێشەی کوشتن لە سەر ئابڕو دەبنەوە.

 ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەم ڕاپۆرتە زانستیە، ئەوەیە کە زۆر جار لە دەمی خودی هەندێ ژن و کچی ڕەوندی کوردیەوە بیستومە کە باوک و براکانیان، تەنانەت هەندێکیان دایکیشیان، لە کوردستان پێشکەوتوتربوون تاکو لە ئەوروپا.  هەندێ لە پیاوەکان هەرچەندە پێش هاتنی خێزانەکانیان بۆ ئەورپا کچ و ژنی برادەریان هەبووە، بەڵام کە خێزانەکانیان گەیشتونەتە لایان سەرپۆشیان لە سەر کردوون  و  هەندێکیشیان کچەکانیان لە تەمەنی هەژدەساڵیدا بە شوو دەدەن. ئەوەش بە ووتەی خۆیان بۆ ئەوەی لە ڕێ لا نەدەن. هەندێ لە باوکەکان بە باشیشیان زانیوە کە کوڕی کوردی کوردستان بۆ کچەکانیان بێت، نەک کوڕە کوردێکی ڕەوند کە  لە دابو و نەریتی کوردی بێ ئاگا بێت. لێرەوە ئەم پرس و گریمانەیەی خوارەوەم لا دروست بوو:-

## مەبەست و سەکۆی پرسیارەکان

کاریگەری نێرینەێ کورد لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری ئافرەتانی کورد لە ژیانی ڕەونديدا، تێروانین و وەڵام؟

- لە سەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانە
- تێکەڵی لە گەڵ کۆمەڵگەی ئەوروپی
- گۆڕانی هەمە لایەنە(کار، خوێندن، وەرزشکردن..هتد)..
- سەربەخۆیی  بیرکردنە

## میتود

لەم ڕاپرسینەدا ڕێچکەی پرسیاری کورتکراوەم بەکارهێنراوە. وەڵامەکان لە ڕێگەی ئیمایلبۆکسەوە، کەسی یەکەم و دووەمەم کوکراونەتەوە و پوختەکراون. پتر لە دوو هەفتەیەی خایاندوە. پرسیارەکان لە بۆ سەد و پەنجا کەس نێردراوە و زۆر کەسی دی ئامادەبوون خۆبەختانە وەڵام بنوسێنەوە. تەمەنەکان لە نێوان پانزە تاکو شەستو پێنجساڵ بەرەو سەرەوەن. ئەم شرۆڤەیە دەکرێت گشتیگیری بکرێت، چونکە تاڕادەیەکی بەرچاو هەمان وەڵام لە لایەن ڕەوەندی کوردەوە لە چەند ولاتێک دەستەبەر کراوە. لەبەر پاراستنی سەرەوەری وەڵامدەرەوەکان(ئافرەتەکان) لە کچان و ژنان ناو و شوێنەکان بە ناوی خوازراوە کلیل کراون.

## شرۆڤە و ئەنجامگیری

ئەو خوێندنەوەیەی کەلەم ڕاپرسینەدا دەستەبەر دەکرێت ئەو پرسیارەیە **کە ئایا پیاوانی کورد، یان ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا لە کوردی باشوری کوردستان دواکەوتوو ترین؟** یان لە بەر ترسی لە دەستدانی دەسەڵات، هەندێ لە پیاوانی ڕەوندی کورد هەموو ڕێگەیەک دەگرنە بەر بۆ ئەوەی کە مێینەی کورد پێش نەکەوێت و ئاستەنگ دروست دەکەن کە چاویان نەکرێتەوە. بۆ نموونە یەکێک لە کچان دەڵێت:-

> "هەرچەندە باوکم خۆی لە گەڵ کچێکدا(گێڵ فرێند) برادەرە و ماوەی هەشت ساڵە لەگەڵیدا دەژی، بەڵام ئەوەی پێ پەسەند نەبوو، کە من تەنانەت گوێ لە زەکریا بگرم و سیدەکەی شکاندم کاتێک گوێم لێگرت. وتی با فێری شتی خراپ نەبیت. ،،خەریک بوو لەسەر جلەکانیشم لێم بدا! "لانە. دانیمارک

لە کۆی گشتی وەڵامی ئافرەتەکان(کچان و ژنان) ئەوە دەردەکەوێت کە هەندێ نێرینەی کورد(پیاوان و کوڕان) ژیانی ئەوروپایان کردەوەتە زیندانێک و هەموو سنورێکیان بەزاندوە و بگرە خێزانە کوردەکانیش ناچار دەکەن کە بەشێوازێک بژین کە بە مەیل و ئارەزووی ئەوان بێت. ئەمە کارەساتە، چونکە ئەو جۆرە کاریگەرییە (کاریگەری نەرێنی هەندێ نێرینەی کورد) ئەنجامی نەرێنی لە سەر کەسێتی مێینەی کورد دروست دەکات. بە تایبەتی ئەو کچانەی کە لەوێ لە دایک دەبن. چونکە هەندێ

باوک  بۆ نموونە سەرپۆشیش دەکەنە سەر کچانی تەمەن شەش ساڵە و ناهێلن فیری مەلەکردن و زمانی ئینگلیزی ببن. ئەم بەربەستە بە تایبەتی لە نێو ڕەوندەکانی ولاتی ئەڵمانیا وای کردوە کە ژمارە ئەو کچە کوردانە کە دەگەنە زانکۆ زۆر کەمە، بە تایبەتی لە نێو ئەو خێزنانەی کە باوکسالارییان تێیدا بەهیزە. ئەم بەربەستیکردنە دەبێتە هۆکارێک کە پاشەڕۆژی ئەو منداڵانە لە ڕوی کار و پێشەوە لە هی باوکودایکیان باشتر نابێت. ئەو جۆرە کارانەشیان کە دەستبکەوێ لە چاو کاری نەوەی نەتەوەکانی دی، بە تایبەتی فارس زۆر نزم و کەم موچەیە. ئەمەش دیسان پیگەی هەمەلایەنەیان لاواز دەکات و دەیانخاتە خانەی پەراوێزییەوە.

دەربارەی وەڵامدانەوەی **کاریگەری هەندێ لە پیاوانی کورد لە سەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مێینەی ڕەوندی کورد** لە ڕۆژ ئاوای ئەوریا. لە وەڵامی (لانە)دا دەردەکەوێت کە هەندێ لە پیاوان، هەرچەندە خۆیان بەپێی پێوەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی، چ پێوەری ئاینی یان کۆمەڵایەتی بێت ڕەفتار ناکەن، بەڵام ئافرەتانی ڕەوندی کورد ناچار دەکەن کە لە سنورێکی دیاریکراودا هەلسوکەوتن بکەن. وەک چاودێرێک، هەمیشە جوڵە و هەڵسوکەوتی  ئافرەتان دەخەنە ژێر هەڵسانگدنەوە. هەندێ جار داهینانیش لە پێوەری نوێ دەکەن بۆ تەسکردنەوەی هەموو ڕەفتارێکی ئافرتان کە بەدڵی ئەوان نەبێت. ئەدی گوێگرتن لە گۆرانی دەبێت کام زیان بە پیاوان بگەێنێت کە باوکی (لانە) قەدەغەی کردووە. یەکێک لە ئافرەتەکان دەڵێت: بەتەنیا لە بەر هەندێ نێرینە کورد، ناوێرم بچم بۆ هەندێ بازار، هەمیشە دووان و سیان ئەمبەر و ئەو بەری دوکانەکانیان گرتووە و تانە لە ئافرەتان دەدەن، (بروانە وەڵامی نازەنین، ئەڵمانیا).

- تێکەڵی لە گەڵ کۆمەڵگەی ئەورووپی

لەبارەی تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەورووپی زۆربەی خێزانە کوردەکان هاتوچۆ  و دۆستایەتیان زۆر کەمە.  شایەنی باسە لێرەدا ڕەوندی وڵاتانی ئەسکەندەناڤی تا رادەیەکی باش لە پێش رەوندی کوردی وڵاتانی ترەوەن.  لێرەدا دیسان مێینەی کورد بەشی خوراوە و بەشێکی کەمی نەبێت، لە بەر دەسەڵاتی پیاوان نەیتوانیوە ئەو ڕێگەیە بشکێنێت. لە کۆی وەڵامی ئافرەتەکان ئەوە دەردەکەوێت کە پیاوان و ڕێگری یەکەمن. ئەو ڕێگەگرتنە لە قسەکانی (ژیار) لە فنلندە دەردەکەوێت کە مێردەکەی

بەهێچ شێوەیەک نەیهێشتوە چالاک بێت و ئاوێتەی کۆمەڵگەی فنلەندی ببێت. زۆربەی ئافرەتان وەڵامەکانیان دەرژێتە هەمان بازنەوە کە نێرینەی کورد ئافرەتان دەچەپێنن و سەرکوێریان دەکەن، تاکو تەواو لە کۆمەڵگەی ئەورپی پەراوێزببن.

"کە گەیشتمە فنلەندا، پێشکەوتنی ئەو وڵاتە زۆر شادی کردم، لەش و لارم زۆر ڕێک و جوان بوو، دەمویست پارێزگاری ئەوە بکەم و هەندێ ئێواران خۆم لە کۆرسی وەرزشدا بنوسم، بۆ زمان فێربوون و بۆ ئاشنابوونم بەو وڵاتە باشبوو. بەڵام مێردەکەم وتی لە ماڵ زۆر مەچورە دەر ئەگینا بە دەست خێزانە کوردەکانەوە دەبینە فلیم. ئێستا زۆر قەڵەوم و تەنانەت هەندێ جار کە لەگەڵ مێردەکەم پیکەوە پیاسە دەکەین، هەندێ کەس پێی وایە من دەساڵ لەو گەورەترم، هەرچەندە ئەو دوانزەساڵ لەمن بەتەمەنترە". ژیار فنلندە

دۆخەکە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی تاڕادەیەک کەمێك بە جۆرێکی ترە، پیاوان ئەو دەسەلاتەیان کەمترە و ژیان بە جۆرێکی ترە. فەرمانگەی کاروباری کۆمەلایەتی(سۆسیال) دەسەڵاتێکی باشی هەیە و هەمیشە پیلانی ئامادەیە بۆ ئەوەی بەرگری لەو کچ و ژنانە بکەن کە دوچاری مەترسی و ڕاوەدونان لە لایەن نیرینەوە دەبنەوە. مێینەی کورد، لە زۆر لایەنی ژیان چالاکە و هەندێکیشیان ئەندامی بەرزی پارتییە سوێدییەکانن. لەوەلامەکاندا دیسان ئەوە دەستبەر دەکرێت کە پیاوان هەموو شێوازە ئاستنەگی بەکاردەهبەکاردەهێنن بۆ ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی کەسێتی ئافرەتان، لەوانە بە مێردانی کچەکانیان لە تەمەنی هەژدەساڵیدا و گوشارخستنە سەر هاوسەرەکانیان کە کچەکانیان نابێت تێکەڵی لەگەڵ کوڕاندا بکەن و چالاک بن لەو بوارەنەدا کە پرۆسەی هاوسەریان دوادەخات یان بە تەنیا بمێننەوە. هەندێ لەو پیاوانە لەوە دەترسن کە کچەکانیان بە پاکیزەیی(کچێنی) خۆیان لەدەست بدەن کە دەبێتە شورەیی و شەرمی کۆمەڵایەتی بۆیان.

"هەرچەندە باوکودایکم هەرگیز نیازیان نیە بگەرێنەوە بۆ کوردستان بەڵام زۆر توندن لەگەڵمدا و زۆرجاریش دایکم پێم دەڵێت دەبێ هەمیشە ئاگات لە پاکیزەیی خۆت بێت تا ئەو ڕۆژەی مێرد دەکەیت. هەرچەندە کاتی خۆی دایکم بەزۆر دراوە بەشو" جوانە. دانیمارک

یەکلا نەکردنەوەی بریاری گەڕانەوە بۆ کوردستان و ژیان لە نێوان دوو فەرهەنگی جیاوازدا گرفتێکی دییە کە ئافرەتانی ڕەوندی کورد پێوەی دەناڵێنن. فەرهەنگ و ئاین و داب و نەریتی کوردی بەشی زۆری بەسەر مێینەدا پراکتیزە دەکرێت و ئامێرێکە بۆ تەسکردنەوەی ئەو بوارە ئازادییەی کە لە تاراوگە هەیە، لە لایەن نێرینەی کوردەوە. نێرینەی کورد(باوکەکان و براکان) هەموو جوڵەی ژنان و کچانیان خستوەتە ژێر رکیفی خۆیان بۆ دروستکردنی ئەو پەراوێزەی کە ئەوان بە گرنگی دەزانن بۆ دابرینی مێینە لە کۆمەڵگەی ئەورووپی کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی هەمەلایەنە.

- **گۆڕانی هەمە لایەنە(کار، خوێندن، وەرزشکردن..هتد)..**

بوار نەدان و بەرتەسکردنەوە هەمەلایەنە لە بەردەم ئافرەتی کورد لە تاراوگەدا، ئامێری دەستی نێرینەی کوردە لە ژیانی ڕەوندی و پەنابەریدا سنووری گەشەکردنی مێینەی کورد قەتیس دەکات و پاشکەوتوی دەکات. زۆر لەو ئافرەتانەی ناو ئەم لێکۆڵینەوە، کەمێکیان نەبێت، لە خوێندن پاشکەوتوون و تەنانەت ئەوانەشیان کە خاوەن بڕوانامەن ئەو زانیاری و زانستەیان نوێژەن نەکردوەتەوە کە لە کوردستان بە دەستیان هێناوە، لە قەیرانێکدا دەژین کە سەری لێشواندن و ئەو کارانە وەردەگرن(گسدان، دایەنگا، خزمەتی پیرەکان، دوکانداری،هتد) کە لەچاوی ئافرەتی فارس و ئەورووپییەکان موچەیان کەمە و لە بەشی نزمی پۆستەکاندان. لەبەر وەرزش نەکردن و بەشداری چالاکیە رێکخراوییەکان، زۆربەی ئەو کچ و ژنانە قەڵەون و جوڵەیان کەمە، لەهەمان کاتیشدا خودی پیاو و کوڕەکان هەفتەی چەند جارێک سەردانی سەنتەرەکانی جوانی لەشولار و مەلەوانگەکان دەکەن.

ئەوەی کە لەم ڕاپۆرتەدا و لە وەڵامی هەندێ ژن و کچەکاندا دەستەبەر دەکرێت، ئەوەیە ک مێینەی ڕەوند کوردی خۆی ئامێرێکی کاریگەر بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو کۆت و بەندانەی کە ئاستەمن لە گەشەکردن و پێشەوەچونی. هەندێ دایک کوڕەکانیان کردووەتە پاسەوانی کچەکانیان تاکوکاری خراپ(وەرزش،

مەلە..هتد) نەكەن. هەندێ دایک تەنانەت بۆ بازاریش هاوڕایی کچەکانیان دەکەن بۆ جل کڕین و هەندێکیشیان(لەسوێد) هەفتانە تەلەفۆن بۆ فێرگەکان دەکەن کە ئاگایان لە خشتەی خوێندنی کچەکانیان بێت. هەندێ لە باوکەکان کچەکانیان بە بە بارێکی قورسی سەرشانی خۆیان دەزانن و پێیان وایە ئەوان( کچەکانیان) ئامانەتێکن و دەبێت تا ئەو کاتەی مێرد دەکەن بیاپارێزن. بۆ نموونە ئەحمەد لە سوێد وا وەڵامی پرسیارەکەی نووسی بوو:

"من نامەوێت کچەکانم دوای قوتابخانە خۆیان بە تەنیا بچنە دەرەوە، تا مێرد دەکەن لە ئەستۆی منن و دەبێ بیانپارێزم. ئەوە داب و نەریتی ئێمەیە و هەمووومان بەرپرسارین. ئەی ئەم وڵاتە پڕە لە هەڵدێری ئیخلاقی، ئەگەر وانەکەم کچەکانم بەلسە دەبن و لە دەزگای کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە شکات و سکاڵام لێ دەکەن. تەنانە بەبێ پرسی من ناچنە سەر ئینتەرنێت." ئەحمەد .بیست ساڵ لە سوێد.

لەوەڵامی(ئەحمەد)دا ئەو دەردەکەوێت کە هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە لە ئەورووپا دەژیت، بەڵام ئەوە ڕەچاو ناکات کە کچەکانی لە سوێد گەورەبوون و بە هەموو شێوەیەک کاردەکات بۆ پەراوێزکردنیان و تێکەڵ نەبوونیان لە گەڵ کۆمەڵگەدا. ئەحمەد لێرەدا هەردوو، دابونەریت و ئاینی ئاوێتەی یەکدی کردوە و وەک ئایدیایەک بۆ بەهێزکردنی پیاوسالاری بەکاریان دەهێنێت.

- سەربەخۆیی بیرکردنەوە

لەبەر ئەوەی وەڵامدەرەوەکان نەوەی کۆمەڵگەیەکی هەرەوزیین(کۆلەکتیڤ)، دیسان نێرینە کورد(پیاوان و کوڕان)ی کورد، ئەو هێزەش بەکار دەهێنن بۆ قورخکردنی سەربەخۆیی ئافرەتان(کچان و ژنان) لە بیرکردنەوە و ڕەفتاردا. لە کۆی وەڵامەکان دەردەکەوێت کە کچەکان و ژنەکان بۆیان نیە بە تەنیا بچن بازار، تێکەڵی ئەو سەنتەر و ناوەندانە بکەن کە دەبێتە هۆی هوشیارکردنەوەیان، تەنانەت کە لە ماڵیشەوە دەبن بۆیان نیە ئازاد بن(بڕوانە وەڵامی ئەحمەدا) بچنە سەر ئینتەرنێت، بۆیان نیە ئەو پارتە هەڵبژێرین کە خۆیان دەیانەوێت، ئەو بەرگەی دەی پۆشن، ئەو کۆلێژە و خوێندنەی دەیخوێنن. لەوڵاتێکی وەک

سوێد کە دەرگاکانی خۆ نۆەژەنکردنەوە تاڕادەیەک بۆ هەموو کەس کراوەیە، پیشە و خوێندنی زۆربەی هەر زۆری کچانی ڕەوندی کورد، لە پیشەکانی سالۆن، چێشتکردن، پاککردنەوە..هتد تێپەڕنکات. بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی هاوشانیاندا لە ئێرانی و ڕەوندی نەتەوەکانی تر، زۆر لە پاشەوەن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی باسی سەرکەوتنی ئەو ژن و کچە کوردانەش بکرێت کە توانیوایانە بچنە ناو پەڕلەمانی سوێدەوە و خزمەت بە کێشەکانی ژنان بکەن. بەڵام لە ولاتانی دی وەک ئەڵمانیاو نەمسا و فەرەنسا، لەلایەک لە بەر سیاسەتی جوداگەری ئەو وڵاتانە بەرامبەر بێگانە بە گشتی، لەلایەک تروە لە بەر پیاوی رەوندی کورد، ئافرەتان(ژنان و کچان) نەیانتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینن و لە نێو ئۆرگانە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا و کاربکەن. لە توێژێژینەوەی وەڵامی هەندێ لەوەڵامدەرەوەکان، ئەوە دەردەکەوێت، کە هەندێ لە ئافرەتانی رەوەند، لەماڵەوە پاسیف و سیست کراون و بیرکردنەویان هەمان بیرکردنەوەی ئەو ساڵانەیە کە لە کوردستان بوون. هەندێکیان تەنانەت ئازادی و پێشکەوتنی خۆیان لە بڕی پارە و ئاڵتون دەدۆزنەوە و گفتوگۆکانی نێویان لەوە تێپەڕناکات. نە بوونی سەربەخۆیی کاردەکاتە سەر نە ناسینی خود وەک مرۆڤ و ئاشنا نەبوون بەو مافانەی کە وەک مرۆڤەکانی دی هەیەتی. گیرۆدەبوونی ئافرەتان(کچان و ژنان) بە هۆی باوکسالاری، ئاین و دابونەریت و فاکتەر دی وەک لە دەستدانی ناسنامەی کۆمەلایەتی و ترسی موتوربەبوون و توانەوە لە کۆمەڵگەیەکی بێگانەدا، هۆکارێک و هاندەرێک دییە کە ئافرەتی کورد زۆرجار پاشگەز دەبێتەوە لەو هەنگاوانە کە دەیەوێت بەرە و ئازاد و سەربەخۆیی خود بینێت. پیاوەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە ساردکردنەوە و بێ ئومێدکردنی ژن کچەکان و خوشکەکانیان. بچوکترین نموونە مەلەکردن و دورکەوتنەوە لە پۆشینی ئەو جل و بەرگانەی کە بەبۆچونی هەندێ لەو ئافرەتانەی ناو ئەم ڕاپۆرتە دەبنە هۆی شکاندن و ئابڕوبردن.

کە مرۆڤێک سەربەخۆ بیری نەکردەوە، گیانی وابەستی هەمەلایەنەی لا دروست دەبێت و پاشکۆی بۆچون و ئایدیای کەسانی دی دەبێت. مەترسییەکە لێرەوە دەست پێ دەکات. چونکە کەسی پاشکۆ بێ داهێنان دەبێت و ئاستی هوشیاری کەم دەبێت ، چونکە راستیەکان و ئەو خاڵانەی کە بۆخۆی ژیانی خۆی چارەنووسازن نابینێت. مرۆڤی وابەستە دەبێتە ئامێریکی دەستی کەسانی تر و ئامانجەکانی ئەوانەی بەدی دەهێنێت.

لەوەڵامی ئافرەتەکانیش، کە ئازادییان لەلایەن پیاوان و کوڕانی ڕەوندی کورد تەسک کراوەتەوە، سەربەخۆییان لە دەستداوە بە ئاستەنگ دەتوانن لە دەروەی ئایدیا و بیرکردنەوەی نێرینەی کورد هەنگاو بنێن. تەنانەت وەک ئاماژەم پێدا لە مەسەلەی جل و بەرگ و هەڵسو کەوتیشەوە ناتوانن لە دەسەلاتی پیاوەکان و ستەمی کۆلەکتیڤی کوردی پیاوسالار دەربچن. ڕەنگدانەوەی دەسەلاتی پیاو و دابونەریت و ئاینی ئیسلام زاڵە بەسەریاندا، کە وێ دەچێت بە زیانیان گەڕاوەتەوە.

## دەرئەنجام

تەسکردنەوەی بواری گەشەکردنی مێینەی کوردی ڕەوەند، هەندێ کچ و ژنی تووشی کەسێتی لاواز کردووەو گیانی ڕاڕایی و دوڕیی تێدا چەندوە. هەندێ لە کچەکان بۆ ڕزگاربوون لە داوی باوک و براکان، دۆر دەکەن و بە جۆریکی دی خۆیان ئازاد دەکەن.

**بەرێوبەری فێرگەیەکی بنەڕەتی لە سوێد بەم جۆرە دەربارەی سێکس، باسی چەند کوڕ و کچێکی کوردی ڕەوندی بۆکردم:**

بە داخەوە هەندێ لە کورە کوردەکان هەمیشە بە چاوێکی نزمەوە سەیر مێینە دەکەن، هەرچەندە هەندێکیان لێرە لە دایک بوو، بەڵام ئارەزووی سێکسیان خستووەتە پێش هەموو ئارەزوویێکەوە. چەند جاریک لەسەر ڕەفتاری ناشیرین بەرامبەر کچان سزامان داون و باوکو و دایکیشیان هاوکاریمان ناکەن. هەندێکیان، کوڕەکان چی بکەن گوێ نادەن کە دێتە باسی کچەکانیان بەر دەرکی فێرگە بەر نادەن و داوی تەنانەت خشتەی وانەی رۆژانەمان لێ دەکەن کە تاکو بزانن کەی و ڕۆژانە وانەکانیان چین.

دەربارەی کچەکانیش ووتی: پەرستاری قوتابخانە باسی ئەوەی بۆ کردم کە هەندێ لە کچە کوردەکان لە بەر ترس و نەبوونی شارەزایی لە سەر جووتبون، تووشی هەندێ نەخۆشی بوون، لەوانە نەخۆشی کۆم و رێخۆڵە. هەندێ لە کچە کوردەکان بۆ ئەوەی پەردەی کچێنیان لە دەست نەدەن لە

کۆم و دەمەوە کاری جووتبوون دەکەن. ئەوەش بارێکی دەروونی سەختی بۆ دروستکردوون کە لە خوێندندا دوابکەون..

**لە ڕوی ڕەوشت و باری کەسێتی:**
هەندێ کچ بۆ ئەوەی دووچاری کێشە نەبن و قسەیان نەێتە سەر، بە ناوی چون بۆ لای برادەری کچەکانیانەوە و خوێندن، برادەرایەتی کوڕانی نەتەوەکانی تر دەبن و یان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا شوو دەکەن و جیابوونەوە دوای ساڵێک تاکو ئەو گومانە لەسەریان دروست نەبێت کە بۆ نموونە پەردەی کچێنی خۆیان لە دەست دابێت، ئەوە دیاردەیەکی زەقە و دیارە لە نێو ئافرتی ڕەوندی کورددا لە ڕۆژئاوای ئەوروپا. هەندێ جاریش کە ئافرەتان(بە تایبەتی کچان) ئازاد دەبن و پەروەردەی فێرگە و کۆمەڵگەی ئەوروپی دەبەن، لە پێوەر و نۆرمەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆژ هەلاتی ئاشنایەتیان کەم دەبێت، جودا لە باوکو دایکیان بیر دەکەنەوە. هەندێ جار شکاندنی رێچکەی دابونەرینی کوردی و ئیسلامی بە زیانی خۆیان دەشکێتەوە و کێشەی کوشتنیان دێتە ئاراوە و دەبێتە دۆزی سڕینەوەی شەرەف، بە تایبەتی لای ئەو خێزانانەی کە بۆچونێکی گونجاویان دەربارەی پیوەری کۆمەڵگەی ئەوروپی نیە و ناتوانن ئەو پەیامە بگەێننە نەوەکانیان لە تاراوگە. هەندێ خێزان کە کچەکانیان برادەریان هەیە یان ژنەکان جیابوونەتەوەو و برادەریان پەیداکردووە، ناچار ئەو شارە بە جێ دەهێڵن. ئەو دیارەدەیە تەنها لە نێو ڕەوندی کوردیدا نیە، بەڵکو ڕەوندی نەتەوەکانی دیش پێوەی دەناڵێت. گرنگ نیە کچی کام نەتەوەی ڕەوند ئەو کارە(بێ ڕەوشتیە بەپێی پێناسە ڕەوشت لای ئەو نەتەوانە) بکات. ئەو خێزانە ئیدی پەراویز دەبێت و کەس ژن و ژنخوازییان لەگەڵ گرێ نادات. پەپێی ڕاپۆرتێک دەربارەی توندو تیژی بەرامبەر ئافرەتان لە پاکستان(کە ئەمنستی ئەنتەرناشیۆناڵ ساڵی ١٩٨٩، کردویەتی بروانە لینکی هاوپێچ)، پیاوەکان توندوتیژی بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پاکستانی پێوەرەکانی خۆی لە دەست نەدات. گرنگ نییە ئەگەر ئەو کچانە لە پاکستان یان دەروەی وڵات بژین، بەڵام نا بێت پی لار دابنێن کە لەگەڵ داب و نەریت و پێوەی کۆمەڵگەی پاکستانیدا دژ بێت.

لە کۆی وەڵامی ئافرەتەکانی ئەم ڕاپۆرتەشدا، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە **ئایا ئاستی بیرکردنەوەی کوردی ڕەوندی و بۆچونی دەرهەق مێینە لە هی**

**کوردی باشوری کوردستان پاشکەوتووترە**، یان ئەوە نێرینە کوردە کە بەربەست دروست دەکات بۆ تەسکردنەوەی ئازادییەکانی ئافرەتان. گریمانە یەکەم تارادەیەک لە وەڵامی وەڵامدەرەوەکان دەیسەلمێنێت کە هەڵوێست و بیری پیاوان هاندەرێکی نەگتیڤە و ئاستەنگێکە دژ بە پشکەوتنی مێینەی کورد. بۆ پشتڕاستکردنەوەکەی ئەو گریمانەیە، ئەی هەندێ ئافرەت، بە تایبەتی لە وڵاتی سوێد بۆ باشترین پۆست لە نێوکۆمەڵگەی سوێدیدا بەدەست دەهێنن، بەلام بۆ هەندێ تریش ژیان قەتیس و وەستاوە؟
بۆ شیکردنەوەی بەشی دووەمی گریمانەکە کە کوردی باشووری کوردستان لە کوردی ڕەوند پێشکەوتووتربێت، ئەو ئەنجامە دەستەبەر دەکرێت، کە لەبەر ئەوەی ئافرەتان بۆ نموونە لە یەکێک لە شارەکانی باشووری کوردستان لە نێو کۆمەڵگەی خۆیانن و وەک ئافرەتانی ڕەوند دیارنین وپیاوان ترسی ئەوەیان لا کەمترە کە کاریگەری کۆمەڵگەی ئەورووپییان بەسەرەوە بێت، تەنانەت دراوسێکانیشیان کوردن و هەمان ئاین و دابو نەریتیان هەیە، گوشاری زۆریان لەسەر نیە. هەروەها چونکە ئەو ئافرەتانە لەنێو پێوەرەکانی کۆمەڵگەی کورد دەژین. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بلێم کە نێرینە کورد لە ئەورپا ترسی لە دەستدانی کەسێتی خۆیی و بە تایبەتی ئافرەتانی زیاتر لەبەر چاوە تاکو لە باشووری کوردستان بێت. لە باشووری کوردستان کۆمەڵگەی کورد، وەک یەکەیەکی پتەو دەسەلاتی تەواوی بەسەر هەڵس و کەوتی نەک تەنها مێینە بەڵکو هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا هەیە و لە سوڕاندنەوەی چەرخی خۆیدا گرێی داون.

یەکێکی تر لە ئەنجامە دیارەکانی ئەم ڕاپۆرتە زاستیە، بوونی کۆمەڵێک هێزی کوردی(ئاینی و فەرهەنگی) کە دیسان هاندەری ئەوەن کە ئافرەتی کورد دەبێت چۆن هەڵس و کەوت بکات و لە ژێر باڵی نێرینەی کورددا دەرنەچێت.

خودی ئافرەتی کوردیش(کچان و ژنان) بە تایبەتی ئافرەتانی ئەسکەندەناڤی کەمترخەمن و پاسیڤن لە نۆژەنکرنەوەی خۆیان. هەندێ لەو کچانەی کە وەڵامیان داوەتەوە بەبێ ئەوەی فشاری خێزان و برا و باوکیان لەسەر بێت، هەرچەندە هەندێکیان لە دایک بووی ئەورووپاشن، بەڵام لەو فۆرمە کۆنە دەرناچن و تەنانەت هەندێکیشیان خوێندن تەواو ناکەن.

یەکێک لە ئەنجامەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئافرەتی کوردی ڕەوند(ژنان و کچان) دەبنە قوربانی ناکۆکی دوو فەرهەنگی لێک نەچوو، فەرهەنگی ئەوروپی و کوردی/ئیسلامی و لە نێوان دوو کەسێتی جیاوازدا ڕاڕان و ناتوانن خۆیان بدۆزنەوە. هەندێ لە خێزانەکان زۆر جار چرا و سیگناڵی جیاواز بۆ کچەکانیان هەڵدەکەن، لەوانە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە لە ژیانی کوردەواری دوورن، بگرە هەندێکیان منداڵیان لەوێ بووە و گەورەبووە، بەڵام ناتوانن خوێندنەوەیەکی هوشیارانەیان هەبێت دەربارەی منداڵەکانیان. کچەکانیان ناچار دەکەن وەک کوردستان ڕەفتاربکەن.

دوا ئەنجام ئەوەیە کە بەداخەوە هێزی ماتریاڵ (ئاڵتون بۆ نموونە) هاندەرێکی ترە کە ئافرەتی ڕەوندی کوردی پاشکەوتوو کردووە. لێرەدا دیسان پەروەردەی باوکو دایک ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە چەپکردنی کچەکانیان بەرامبەر ئەو پێشکەوتن و زانستەی کە لێی بێبەشن. یەکێک لە کچە وەڵامدەرەوەکان کە زۆر حەزی لە ئاڵتونە و پێی وایە سامان تەواوکەری کەسێتیە ووتی: "دایک و باوکم هەمیشە پێم دەڵێن ئەگەر بیست ساڵیش بخوێنێت هێندەی ژنی بازرگانێک ناتوانی ئاڵتونت هەبێت". ئەو باوک و دایکە بەو جۆرە کەسێتی کچەکەیان بەهێزنەکردوە، بەڵکو هاندەری ڕەمەکێکی بایۆلۆژی دەکەن کە لە پاشەڕۆژدا کچەکانیان کەسێتی خۆیان پێش ماتریاڵ بخەن. بەو شێوەیەش لە پرۆسەی دروستکردنی خێزاندا بۆ نموونە، وەک دایکیان، ببنەوە بە کۆیلەی باوکسالاری و نەتوانن لە ژێر دەسەڵاتی هاوسەرەکانیان خۆیان ڕزگاربکەن.

# سەرچاوەکان

## پەرتووک

Nachmias, C. F., & Nachmias, D. (2007). *Research Methods in the Social Sciences.* London: British Library

Kvale, S. ( 1977). *Den kvalitativa forskningsintervjun.* Student litteratur.

## سەرچاوەی ئەلکترۆنی

http://www.amnesty.org/en/library/asset/ASA33/017/1999/en/5d9201f4-e0f2-11dd-be39-2d4003be4450/asa330171999en.pdf

http://lexin.nada.kth.se/sve-sku.html

## گایدی ئەو وەڵامانەی کەلەم ڕاپرۆرتەدا بەکارهێنراون:

١. "من حەزدەکەم مەلەبکەم، وەرزشبکەم وکەمێک هەست بە ئازادی بکەم بەڵام لە بەر قسەڵۆکی پیاوو کوڕە کوردەکان ناوێرم ئەو هەنگاوە بنێم، هەر کچێک یا ژنێک ئەوەی کرد، پێی دەڵێین ناتەواوەو لە لایەن خێزانە کوردەکانەوە بە چاوێکی کەمەوە سەیر دەکرێت و پەراوێز دەکرێت، تەنانەت پێشی دەڵێین سۆزانی" چیمەن. ئەڵمانیا

٢. "باوکم و براکەم لەو ڕۆژانەدا دەچن بۆ مەلە کردن کە هەموو رەگەزەکان تێدا تێکەلاون، بەلام بەمن دەڵێن تۆ تەنها چوار شەممان و هەینی بۆت هەیە کە تەنها هی ژنانە. مەلەکردنەکەشم دەبێت بە جلی مەلەی ئیسلامیەوە بێت" سەیران. سوێد

٣. "هەرچەندە باوکودایکم هەرگیزنیازیان نیە بگەرێنەوە بۆ کوردستان بەڵام زۆر توندن لەگەڵمدا و زۆرجاریش دایکم پێم دەڵێت دەبێ هەمیشە ئاگات لە پاکیزەیی خۆت بێت تا ئەو ڕۆژەی مێرد دەکەیت. هەرچەندە کاتی خۆی دایکم بەزۆر دراوە بەشو" جوانە. دانیمارک

٤. "(من خوازیارم وەک ئەوروپیێیەک بژیم و هاوسەر و کچەکانم هەست بە بوونی خۆیان بکەن. کێشەکە لەوەدایە کە خێزانە کوردەکان وەک ڕادار چاودێری جموجوڵمان دەکەن و تەنانەت هەڵەش لە جل و بەرگەکانمان دەدۆزنەوە. ئەوە کارەساتە. من هەست ناکەم کە لە سوێد دەژیم..هەندێ لەو جل و بەرگەی کە لە سلێمانی کڕیوومە لە بەر تانەی پیاوە کوردەکان ناتوانم لە ئەڵمانیا لە بەری بکەم ، بەڵکو بازارێک هەیە کە ئافرەتی کورد بە تەنیا لە بەر قسەی پیاوانی کور ناتوانێت بە تەنیا خۆی نیشان بدات، یەکسەر پێی دەڵێن قەحبە". نازەنین باشوری ئەڵمانیا

٥. هەندێ شوێن و بازار هەیە ئەگەر ئافرەتێک بە تەنێ خۆی لای هەندێ پیاوی کوردەوە چەند جارێک ببینرێت، ئیدی موری

سۆزانی و ڕەوشت نزمی پێوە دەنرێت و ئەو ئافرەتە سوک دەکرێت. شادە، بەریتانیا

٦. من لە سلێمانی مانگی دووجار دەچووم بۆ وەرزش و هەندێ جاریش بۆ مەلەکردن، کە هاتمە ئەڵمانیا لە بەر تانە و قسەی پیاوان و کوڕانی کورد ئەوەم لە خۆم قەدەغەکرد نەبا کەسوکارم لە سلێمانی تووشی نەنگی و سوکایەتی ببنەوە. تەرزە. ئەڵمانیا

٧. "من نامەوێت کچەکانم دوای قوتابخانە خۆیان بە تەنیا بچنە دەرەوە، تا مێرد دەکەن لە ئەستۆی منن و دەبێ بیانپارێزم. ئەوە داب و نەریتی ئێمەیە و هەموومان بەرپرسارین. ئەی ئەم وڵاتە پڕە لە هەڵدێری ئیخلاقی، ئەگەر وانەکەم کچەکانم بەلسە دەبن و لە دەزگای کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە شکاتم لێ دەکەن. تەنانە بەبێ پرسی من ناچنە سەر ئینتەرنێت." ئەحمەد سوێد

٨. "وەکو کارمە ندێکی ناو ناو فڕۆکە وەرگێرام و ویستم دەست بەکار بکەم، بەڵام کە باوکم زانی یەکسەر کەوتە هەڕەشە کردن. هەرچەند باوکم چەند ساڵێک دەبوو وازی لە دایک هێناوبوو. بیانوی باوکم ئەوە بوو کە ئەو کارە من حەیای عەشیرەتەکەمان لە کوردستان دەبات". ژیان. لندن

٩. " کچێکی برادەرم کە دوو ساڵە تووشی نەخۆشی دەروونی بوو ووتی: بەداخەوە براکانم هەردووکیان برادەریان هەیە و باوکم شانازییان پێوە دەکات، بۆ ئیمەش لە قوتابخانەوە بۆ ماڵەوەو هەموو دەرێکمان لێ قەدەغەکراوە. چەند جارێک هاتنە داوام بەڵام لەبەر ئەوەی بەدڵی باوکم نەبوون ڕازی نەبوو مێردیان پێبکەم.." گوڵاڵە دانمارک



## بەرهەمە زانستیەکانی پێشوو:

1. خەتەنەکردنی کچان
تێکدان و شێواندنی جەستەیی و دەروونی نیوەی کۆمەڵگەیە
2. کاریگەری یاری لەسەر گەشەکردنی منداڵ
3. مێیینەی کورد و دۆزەخی ئەنفال(تیزی زانکۆ. سویدی)
4. خۆگونجاندن لە کۆمەڵگەی سوێدیدا( تێزی زانکۆ، زمانی سوێدی)
5. کاریگەری دەستدرێژی سێکسی لە سەر منداڵان

پەرتووک و نامیلکە

1. لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا
2. کەیسەکانی زمانی یەکگرتوو
3. چەند شارۆیەک لە نێو لاپەڕەکانی شۆڕشی ئەیلولدا
4. لەسێبەری پیاوسالاردا

بۆ بینینی هەندێ لەو بەرهەمە زانستیانە تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە بکەن: http://emrro.com/malperiaso3.htm

